شەیتان لە خواردنێک دەخوات ئەگەر ناوی خودا لەسەر ئەو خواردنە نەهێندرێت

لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر ئامادەی سفرە وخوانێک بووینایە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوا دەستمان بۆ خواردنەکە نەدەبرد هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی بە خواردن دەکرد، وجارێکیان بۆ خواردنێک لە لای ئامادە بووین، وکیژۆڵەیەک بەخێراییەوە هات هەروەکو ئەوە وابوو پاڵی پێوە بنرێت، هات بۆ ئەوەی خواردن بخوات؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی گرت، وپاشان دەشتەکییەک بەخێرایی هات هەروەکو ئەوە وابوو پاڵی پێوە بنرێت؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی ئەویشی گرت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «شەیتان لە خواردنێک دەخوات ئەگەر ناوی خودا لەسەر ئەو خواردنە نەهێندرێت، وشەیتان ئەم کیژۆڵەی هێنا بۆئەوەی لەکاتی خواردندا بسم الله نەکات وشەیتان بتوانێت بەهۆی ئەوەوە لەخواردنەکە بخوات؛ وسەروەرمان دەفەرموێت: منیش دەستی کیژۆڵەکەم گرت ونەمهێشت بە بێ بسم الله خواردن بخوات، ودواتر شەیتان ئەم دەشتەکییەی هێنا هەتا بسم الله نەکات وشەیتان بەهۆی ئەوەوە بتوانێت خواردن بخوات؛ وسەروەرمان دەفەرموێت: منیش دەستی دەشتەکیەکەم گرت ونەم هێشت بەبێ بسم الله لە خواردنەکە بخوات، پاشان سەروەرمان فەرمووی: سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بە دەستە، دەستی شەیتان لە نێو دەستی منداید لەگەڵ دەستی کیژۆڵەکەدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

حوزەیفە -ڕەزای خوای لێبێت- بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەگەر ئامادەی خواردنێک بووینایە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوا دەستیان بۆ خواردنەکە نەدەبرد هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستپێدەکرد ودەستی بۆ خواردنەکە دەبرد، وجارێکیان بۆ خواردنێک لە لای ئامادە بووین، وکیژۆڵەیەک هات بەهۆی ئەوەی زۆر خێرا بوو هەروەکو ئەوە وابوو پاڵی پێوە بنرێت، هات بۆ ئەوەی دەست لە خواردنەکە بدات وبیخوات؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی گرت، پاشان دەشتەکییەک بە خێرایی هات هەروەکو ئەوە وابوو پاڵی پێوە بنرێت؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی ئەویشی گرت پێش ئەوەی دەستی بەر خواردنەکە بکەوێت، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: شەیتان لە خواردنێک دەخوات ئەگەر دەست بکرێت بە خواردنی وناوی الله -سبحانه وتعالى- لەسەر ئەو خواردنە نەهێندرێت، وشەیتان ئەم کیژۆڵەی هێنا بۆئەوەی بتوانێت بەهۆی ئەوەوە لە خواردنەکە بخوات؛ منیش دەستی کیژۆڵەکەم گرت تا لەخواردنەکە نەخوات، دواتر ئەم دەشتەکییەی هێنا بۆئەوەی بەهۆی ئەوەوە بتوانێت خواردن بخوات؛ منیش دەستیم گرت، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بە دەستە، دەستی شەیتان لە نێو دەستی منداید لەگەڵ دەستی کیژۆڵەکە، پاشان ناوی الله ی هێنا -سبحانه وتعالى- (ووتی: بسم الله) ولە خواردنەکەی خوارد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3507